# بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچن!
## وەڵامێک بۆ عەلی کەریم



عومەر دڵپاک



لام سەیرە کە هونەرمەندێک پرسیارێکی تایبەت بەخۆی ئاراستە ئەکرێت لە وەڵامدا ناوی کەسانی تر ببات کە هیچ پەیوەندییەکی بەو پرسیارەوە نەبێت!

لە گۆڤاری (ئایندە-ژمارە ٨٢) کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ لە لایەن (کامەران سوبحان)ەوە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (عەلی کەریم)دا کراوە، لە یەکێک لە پرسیارەکاندا کامەران سوبحان لە عەلی کەریم دەپرسێت (هیچ مەرجو تایبەتمەندییەکت هەیە بۆ کارکردن لەگەڵ دەرهێنەردا؟) بەڕای من وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە بە بەڵێ یان نەخێر دەبێت لەگەڵ دەستنیشانکردنی هۆیەکانی... کەچی بەداخەوە ناوبراو بەبێ هۆ ناوی چەند هونەرمەندێکی نەوەی خۆی هێناوەو بە تایبەتیش تیشکی خستووەتە سەر کەسایەتی منو پاش پێشەکییەکی دوورودرێژی فەلسەفییانە دەڵێت کێن ئەوانەی لە کارە هونەرییەکاندا مەرجیان هەیە جگە لە عومەر دڵپاک کە لە بەشی دووەمی گەردەلوولدا مەرجەکەی زیادکردنی پاداشتەکەی بووە نەک لایەنی هونەری یان فکری!

من لێرەدا بە پێویستی ئەزانم لەو بەڕێزە بپرسم تۆیەک نە لەدوورو نە لە نزیکەوە ئاگاداری گفتوگۆی نێوان منو دەرهێنەری گەردەلول هونەرمەند (جەلیل زەنگەنە) نیت، ئەی ئەم بۆچوونەت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووەو ئەم زانیاریەت لە کێوە دەستکەوت؟ ئەو کەسەی ئەم زانیارییە هەڵەیەی بە جەنابت وتووە ئایا بەهەڵەدای نەیبردوویت؟

گەر من مەرجی زیادکردنی پاداشتم هەبووبێت یان نا چ پەیوەندییەکی بە بەڕێزتەوە هەیە، تا تۆ لە چاوپێکەوتنەکەتدا ناوی من بێنیتە ئاراوە؟ ئایا ئەم لێدوانەی تۆ بۆ ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن نییە بە کەسایەتیی من؟

بۆ ئەوەی بەڕێزتان جارێکی تر بە هەڵەدا نەچنو ئاشکرابێت لای تۆو کەسانی وەک تۆ.. من کە لەگەڵ کاک جەلیل دانیشتم بۆ ئیشکردن لە بەشی دووەمی گەردەلولدا پێش هەموو شتێک نزیکەی (٢٠) تێبینیم لەسەر سیناریۆکە

هەبوو، کە خستومەتە بەرچاوی بەڕێزی، جێگەی سوپاسە کە ئەویش بەڕۆحێکی هونەرییەوە گوێی لێگرتووم‌و زۆربەی خاڵەکانی ڕەچاوکردووە لە دراماکەدا، وەک جەنابت فەرمووتە، داواکەی منیش ناچێتە خانەی مەرجەوە، گەر مەرج بووایە مەرجەکەم جێبەجێ نەکرایە هەڵبەت لە بەشی دووەمی گەردەلولدا بەشداریم نەدەکرد، من دوو خاڵم لەگەڵ هونەرمەند جەلیل زەنگەنە باس کردووە کە ئەوانیش:

١.بەهۆی ئەوەی لە بەشی یەکەمی گەردەلولدا گرێبەستەکەم بۆ ماوەی ٦ مانگ بوو، بەڵام وێنەگرتنی دیمەنەکان نزیکەی ١٠ مانگی خایاند، ئەو ماوەیە من بەڕیشێکی سپیی درێژەوە مامەوەو نە ئەمتوانی ڕیش بتاشم و نە لەکارێکی هونەریی تردا بەشداری بکەم، کە هەر لەو کاتەدا هونەرمەند (هادی مەهدی) و نووسەرێکی عەرەب دوو جار سەردانیان کردم لە ماڵەوەو داوای بەشداریی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنییان لێکردم، بەڵام وەک ئیلتیزامی ئەخلاقی داوای لێبوردنم لێکردن‌و پێم ڕاگەیاندن کە تا وێنەگرتنی گەردەلول تەواو نەبێت بەشداریی هیچ کارێکی هونەری ناکەم، لەبەر ئەمە بە کاک (جەلیل زەنگەنە)م وت بۆ بەشی دووەم گرێبەستەکە بۆ چەند مانگ بێت گەر لەو ماوەیە تێپەڕی پێویستە قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکرێمەوە.

٢.بە شایەتیی هونەرمەند کاک هادی (حەمەتاڵ) بە کاک جەلیلم وت کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو کەناڵانەی پارە خەرج ئەکەن بۆ کاری هونەری حسابێکی تایبەتی بۆ تەمەن‌و ئەزموونی هونەرمەندانی وەک ئێمە بکەن‌و جیاوازتر لە کەسانی تر مامەڵەمان لە تەکدا بکرێت، بۆ ئەوەی بۆشت بسەلمێنم کە من مەبەستم پارە نییە ئەوەی من داوای ئەکەم تۆش لە پاداشتەکەی خۆت ئەوەندەی بخەرە سەر بەکۆی ئەو پارەیە کاڵەی پێ ئەکرین چەند جووت کاڵەی کرد ئەچین لە خوێندنگەکاندا دابەشی ئەکەین بەسەر خوێندکاراندا، لە هەمان کاتدا ئەو دوو داواکارییەی من جێبەجێ نەکراو بەشداریشم کرد لە زنجیرەکەدا، ئایا کاک عەلی کەریم ئەمە ناو ئەنێت مەرجی پاداشت؟، بەڵام بۆ مەرجی هونەری و فکری وەک تۆ ئەفەرموویت.. بە ڕاشکاوانە ئەڵێم بەڵێ کاک عەلی کەریم ئەو کەسەی مەرجی هەبێت بۆ بەشداریکردن لە کاری هونەریدا ئەوە منم کە چوار مەرجی سەرەکیم هەیەو لەگەڵ هەموو دەرهێنەرێکیشدا باسم کردووە، تەنانەت (٧) ساڵ بەر لە ئێستا لە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ بەرنامەی ئاوێزە بەئامادەبوونی بەڕێز کاک ئەحمەد ڕەزا ئامادەکاری بەرنامەکەی ئەو کاتە ئەوەم دا بەگوێی دەرهێنەرەکاندا کە بۆ بەشداریم لە هەر کارێکی هونەریدا ئەم مەرجانەم هەیە:

١.دوای خوێندنەوەی سیناریۆکە لەلام پەسەند بێت.

٢.ئاگاداری ئەزموونی دەرهێنەرەکە بم‌و دڵنیابم لە توانای دەرهێنەر.

٣.ئەو کەسایەتییەی بە من ئەسپێردرێت تا چەند لەگەڵ مندا ئەگونجێت، یان لە توانای مندایە ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە ببینم؟

٤.ناوی کاستەکەم بۆ ئاشکرا بکات، لەبەر ئەوەی کەسانێک هەن لە هەر کارێکی هونەریدا بەشداربن نەک هەر ئامادەنیم بەشداری بکەم، بەڵکو بەتاوانی ئەزانم بەو جۆرە کەسانە بوترێت هونەرمەند.

لە هەر کارێکی هونەریدا یەکێک لەم چوار خاڵە غیابی هەبێت بەشداریی تیاناکەم، بەڵگەشم هەیە کە چەند کاری هونەریم ڕەت کردووەتەوە.

ئەم لێدوانەی عەلی کەریم جیاوازتر نییە لە لێدوانی ئەو ترسنۆکەی بەشداربووی گەردەلول کە نەیویستبوو ناوی خۆی ئاشکرا بکات، لە گۆڤاری خێزاندا وتبووی (جەلیل زەنگەنە) (عومەر دڵپاک)ی زویر کردووەو چەند کەسی ناردووە بۆ تکاو ڕجاو پێنج ئەوەندە پاداشتەکەی بۆ زیادکردووە ئەوکات عومەر دڵپاک ڕازی بووە کە بەشداری لە بەشی دووەمی گەردەلولدا بکات، بە قسەی ئەو ترسنۆکە بێت ئەبێ من پاداشتەکەم بۆ کرابێت بە (٧٥) وەرەقە، چونکە پاداشتەکەم (١٥) وەرەقە بووەو هەر ئەوەندەشم وەرگرتووە!

تێناگەم ئەم جۆرە کەسانە لە پای چی ئەم قسانە دروست ئەکەن، بەرژەوەندییان لە چیدایەو چی لە پشتی ئەوم هەڵوێستەی ئەمانەوەیە؟ گەر مەبەستیانە نێوانی من‌و کاک جەلیل تێک بدەن، بەهەڵەداچوون، من لەگەڵ کاک جەلیلدا کار بکەم یان نا، ئەو وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون لای من ناسراوە.

بۆ ئەوەی لەمە زیاتر نان‌و پیاز بەم مەسەلەیەوە نەخورێت، کۆی ئەو پارانەی دەستکەوتی چل ساڵی تەمەنی هونەریی‌و بەشداریکردنم لە زیاتر لە (٥٠) کاری شانۆو دراماو زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا بەلیستێکو بەژمارە ئەخەمە بەردەمی هەموو (عەلی کەریمەکان) با خوێنەرانی بەڕێزیش

ئاگاداربن‌و دواجار خۆیان بڕیار بدەن، ئایا تاکو ئەمڕۆ کاری هونەریم بۆ دەستکەوتی ماددی کردووە یان نا، ئەو کەناڵ‌و لایەنانەی پاداشتیان بۆ کاری هونەریی من خەرج کردووە گەر ژمارەیەکیان بەڕاست نەزانی، ئەتوانن وەڵامم بدەنەوەو بڵێن وا نییە.

لە ساڵی ١٩٧٠ تاکو ڕاپەڕینی ١٩٩١ تەنها (٣٠٠) دیناری سویسریم لە زنجیرەی ژاڵەدا وەرگرتووە، هەموو بەرهەمەکانی تر کە بەشداریم کردووە گشتی بەخۆبەش بووە.

دوای ڕاپەڕین (زنجیرەی ڕۆشنا) (٢٠٠) دینار کە ئەوکاتە دەیکردە (٥$)، زنجیرەی نمەخان (٥٠٠٠) دیناری سویسری کە ئەوکاتە ئەیکردە (٢) وەرەقە، زنجیرەی گەردەلول بەشی یەکەم (٧) وەرەقە، درامای هەناو (٨٥٠) دیناری سویسری، کە ئەوکاتە ئەیکردە (٤٠$)، زنجیرەی ئاریا (٩) وەرەقە، زنجیرەی گەردەلول بەشی دووەم (١٥) وەرەقە، درامای نامەیەک بۆ دۆلفین (٢) وەرەقە، زنجیرەی ئارەزوو (٧) وەرەقە، درامای ماڵی خانم (٣) وەرەقە، کورتە فیلمی کاتژمێر (سوپاسێک)! فیلمی زامی کامێرا (سوپاسێک)! درامای نهێنی (سوپاسێک)! فیلمی گەمەی پڕ لە گوناە (بەشەکەی من، پشەکە خواردی!!)، کۆی گشتیی کارکردن‌و تەمەنی هونەریم دەستکەوتم (٤٥) وەرەقەو (٤٥$)ە.

بەپێشی کێ ڕەوایە (عەلی کەریم) لێدوان بداتو تاوانبارم بکات کە من بە مەرجی پارە، کاری هونەری ئەکەم؟

تو ویژدانتان گەر خەیارو تەماتەم بفرۆشتایە بە دوو چل ڕۆژی ئەو دەستکەوتەم نە ئەبوو؟

عەلی کەریم لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ئەڵێت: (هەڵسوکەوتەکەی عومەر دڵپاک ناخرێتە خانەی ڕەتکردنەوەیەکی ئوسوڵی، کە بگونجێت لەگەڵ هەڵسوکەتی هونەریانەو بەرز ڕاگرتنی بەرهەمەکەدا.....)

هەندێ جار مرۆڤ ناچار ئەکرێت ئەوەی لە ژێر بەڕەدایە بیخاتە سەر بەڕە، بۆیە لە عەلی کەریم ئەپرسم ئەم لێدوانەو ئەم هەڵوێستەی تۆ ئەخرێتە خانەی ڕەوشتی هونەرییەوە؟ بە پێویستی ئەزانم لێرەدا بابەتێک وەبیر (عەلی کەریم) بهێنمەوە کە ئەمە یەکەم جارە باسی دەکەم.

کاک عەلی کەریم کاتی خۆی تۆو جوانەمەرگی خوالێخۆشبوو (........) هاتن بۆلام تا بەشداریتان لەگەڵ بکەم لە فیلمی (گەمەی پڕ لە گوناە) ئەوەی بۆ منتان باس کە ئەم فیلمە

عەلی کەریم:

**شانۆ بوونەوەرێکی سیحراوییە بۆیە نەمرە**



**لاپەڕەی یەکەمی دیدارەکەی عەلی کەریم**

لەم دیدارەدا عەلی کەریم، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە لاپەڕەکانی ئەزموونی هونەری‌و قۆناغەکانی ژیانی خۆی دەخاتەڕوو، دیارترین ڕەگەز لەم دیدارەدا کە بەلای منەوە جێگەی سەرنجە، (ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی)یە، ئەو باس لە پەیوەندیی نێوان (خۆی و سیاسەت خۆی و شانۆ، خۆی و دراما) دەکات، لە باسی شانۆ و سیاسەتدا دەڵێت: هیچ هێڵێك نییە سیاسەت‌و شانۆ پێکەوە ببەستێتەوە، هەشبێت من لەگەڵیدا نیم، چونکە ئەو جۆرە هێڵانە نەزۆکن!... هیوادارین ئەم گفتوگۆیە چۆن لای ئێمە جێگەی سەرنج و خوێندنەوەیە، بەهەمان شێوە ئەو هەستەش لای خوێنەر دروستکات..

دیداری: کامەران سوبحان

بەگرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای چوارچرا بەرهەم ئەهێنرێت‌و ئەخرێتە سەر (CD)و بڵاوئەکرێتەوەو دەستکەوتەکەشی وەک برا بەشی ئەکەین، دوای ئەوەی فیلمەکە بەرهەم هات و کەوتە بازاڕەوە ئێوە دووقۆڵی پارەکەتان وەرگرت، تو ویژدانی هونەریت لەو پارەیە یەک دینارتان دا بە من؟ یا ڕۆژێک لە ڕۆژان یەخەی یەکێکتانم گرت داوای پارەتان لێبکەم‌و بڵێم کوا بەشەکەی من؟ ئەم هەڵوێستەی من سەلماندنی ئەوە نییە کە هەرگیز من بیرم لەوە نەکردبێتەوە کە هونەر بکەم بە پیشەیەکی بازرگانی‌و پارەی پێ پەیدا بکەم؟!

کاک عەلی کەریم من هەمیشە وەک هونەرمەندێک ڕێزم گرتوویت‌و لە زۆر شوێن‌و کاتدا کە باسی تۆ کرابێت، بە مرۆڤێکی وشکو لوتبەرز‌و لەخۆبایی باسکراویت، بەڵام هەمیشە بەرگریم لێکردوویت‌و بەو کەسانەم وتووە ئێوە بە هەڵەداچوون، ئەو کوڕە خۆی کەم دووەو بەو شێوەیە نییە وەک ئێوە تێگەیشتوون، بەڵام بەداخەوە زۆریش بەداخەوە لەوە ئەچێ من بەهەڵەدا چووبم!.